# ساڵی نوێ



**بەهێز حوسێن**
**Bahez2006@hotmail.com**

سەری ساڵی نوێ بۆنەیەکە کە هەر کەس و کۆمەڵێك بۆ خۆیان واتایەکیان لێناوە و هەیانە بە ساتەوەختی پیرۆزی دەزانن وەك ( کریستیانەکان ) کە بە ڕۆژی لەدایکبوونی مەسیحی دادەنێن ، هەشیانە بە زیادەی ناودەبەن لە نموونەی سەلەفییەکان،هەشە لە دواساتەکانی کۆتایی ساڵ و هاتنی ساڵی نوێدا ماچ دەکات یان گەرووی پڕدەکات لە مەیی و گۆرانی ، هەشمانە هەر بە ڕۆژ و ساتێکی ئاسایی دەزانێت و ئەڵێت شەممەیە و ئەبێت بە یەکشەممە و... هتد.

سەری ساڵی نوێی 2007 بۆ هەندێك لە گەلان بە ئومێدەوە تەماشا دەکرێت وەك گەلی تورکیا کە ئومێد دەکەن لەم ساڵەدا وڵاتەکەیان بە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا قبووڵ بکرێت ، سویدییەکانیش نیگەرانن لەوەی تا ئێستا بەفر شەقامەکانی ستۆکهۆڵمی دانەپۆشیوە و سیمای باوی سەری ساڵی بەشارەکەوە شاردۆتەوە ، بەهەمان شێوەش ڕەگەزشازەکان ( کە پلە هاوڕەگەزەکان ) ی ئەمریکا دوودڵن لەوەی سەرۆکی ئەمریکا لە 2007 دا پاشگەز ببێتەوە لە یاسایی هاوسەرێتی هاوڕەگەزی !، کریستیانەکانی عێراقیش بڕیاریان داوە لەبەر خراپی ڕەوشی عێراق و بۆ دەربڕینی هاوخەمی بۆ کەسوکاری قوربانیانی توندوتیژییەکانی عێراق سەری ساڵی 2007 ئاهەنگ نەگێڕن ، نازییەکانی ئەڵمانیاش هیچ دڵێکیان بە ئاهەنگەکانی ئەم سەری ساڵی داهاتووە خۆش نییە ، چونکە ئەو هەموو بابا نوئێلەی لە شەقامەکانی بەرلین و بۆن و میونیخدا بڵاویان کردبووەوە بە فەرمانی حکومەت داگیران و لابران گوایە شێوازی سڵاوکردنەکانیان هاوشێوەی سڵاوە بەناوبانگەکەی ( هیتلەر ) ابووە !، بەڵام فەرەنسییەکان ئەمساڵ لەهەرکاتێکی تر زیاتر دڵیان خۆشە و تاوەری ( ئیڤڵ) یان کردووە بە چراخان و لە ئێستاوە کێسە شامپانیا و یاریی ئاگرینە و هەمبەرگریان بۆ ئەوشەوە تا بەیان خستووە .

بەڵێ گەلانی دونیا هەریەکەیان و بەجۆێك خۆیان بۆ ئەم سەری ساڵە ئامادە کردووە ، لە نێو گەلانی دونیاشدا کورد خۆی بۆ ساڵی نوێ ئامادەکردووە، بەڵام چۆن ؟

هەموو کورد چاوەڕوانی ساتەکانی ساڵی نوێیە ،نیگەرانە بەرامبەر بە ئایندەی نەتەوەیی و نیشتمانی کە تۆبلێی ئەمریکا لە ساڵی نوێدا لە چوارچێوەی گۆڕینی سیاسەتەکانی لە عێراق چی بۆ کورد بڕیارئەدات ؟ ئەو شەوەی پێی دەڵێن ( کرێسمس ) وەك هەموو دونیا کارەبایان دەبێت و تەنها بۆ یەك خولەك لە کاتژمێر دوانزەی شەودا لێیان دەکوژێنرێتەوە یان وەك شەوانی تر نۆرە محاویلەیان دەبێت و ڕەنگە بۆ دیقەدیقە لە نیوەی ئەو شەوەدا یەك خولەك کارەبایان بۆ هەڵبکەن ؟

بە پێچەوانەی خەڵکی سویدەوە ، خەڵکی کوردستان ئەپاڕێنەوە ئەو شەوە بەفر نەبارێت و سەرمانەیەت، چونکە نەوتی بایعەکەیان کەمە و بەرگەی هەفتەیەکی وشکەسەرمای پاش بەفربارین ناگرێت ! هەموو دەستمان لەسەر دڵمانە کە تۆبلێی ساڵی داهاتوو بودجەی 17٪ی کوردستان نیوە ناچڵ پێمان نەگات و لە ساڵی نوێدا بەڵێندەری نا مەسئول چەندان پرۆژە و پردی ناتەواو جێنەهێڵن و بەرەو شوێنی نادیار تێی نەتەقێنن !؟ تۆبلێی ساڵی داهاتوو مادەی 140ی دەستووری عێراق جێبەجێبکرێت و وەك ساڵی 2006 دەستی دەستیمان پێنەکەن و هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەبێت کەرکوك و شەنگال و مەخمور و خانەقی نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ؟

هەمووومان چاوەڕێی ئەو ساتانەین کە یەکەمین چرکەی ساڵی نوێی سڵاومان لێدەکات و وەك مێژوویەکی نوێ ژیانمانی تێدا دەنووسینەوە ، با پێکەوە لەگەڵ هەموو ئەوانەی لەو شەوەدا دەپاڕێنەوە یان هێز دەدەنە بیر و هزریان بپاڕێینەوە و بڵێین :

**خوایە ئەوەتەی هەین ئەڵێین ( وەتەن ئاواکەیت ) کەچی ( نەبێتە قسەی نەنکم ) واخەریکە دونیا ئاخیردەبێت و هەر ئاوات نەکرد ، بەڵکو لەم ساڵە نوێیەدا ئاوای بکەیت ؟، با پێکەوە بە بڕوابوون بە خۆمان و دۆزەکەمان شەرواڵی لێهەڵکەین و لە کاتژمێر ( 12:00 ) ی شەوی 1/1 خۆمان هەڵدەینە نێو دەریای پان و بەرین و پڕلە نهێنی 2007 و بیسمیلا لە سەرەتای خەباتێکی تری سەختی بەدیهێنانی چارەنووسمان بکەین ، لە ئێستاشەوە بۆ شەوی 1/1 دەڵێم : پیرۆزە لەوانەی ئەو شەوە بە پیرۆز دەزانن و خەوێکی خۆشیش بۆ ئەوانەی باوەڕییان بە گۆڕانی عەقڵ و ساڵ و سیاسەت و دونیا نییە ؟.**